کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-7-2007 3:38

**وەرزی کوشتنی ژنانە پارێزەر ... شنۆ محەمەد:**

لە بەرنامەیەکی تەلەفزیونیم پرسیارێکم ئاراستەی میوانی بەرنامەم کرد، سەبارەت بە کوشتنی دوعاو کاریگەری لەسەر خەلك، کاکی میوان وتی؛مەسەلەکە زیاد لە پێویست گەورە کرا، ئەمە وەڵامی پیاوەکە بوو بەرامبەر بە دڕندەترین شێوازی کوشتنی ئافرەت، من نازانم ئەم میوانە تونیویەتی سەیری تەواوی گرتە ڤیدیوی کوشتنی دوعا بکات، کە زۆر کەس ئەگەر ڕووبەرووی ئەم پرسیارەی بکەیتەوە، نەیتوانیوە تەواو سەیری گرتە ڤیدیویەکە بکات، لەلایەکی تر ماف بەم میوانە دەدەم، چونکە ڕۆژانە ئافرەتی کورد دەکوژرێت، دەسوتێنریت، لاشەی بە شیواندراوی فرێدەدرێت، بەلام ڕادەی گرنگیدان لەلایەن دەسەلات وراگەیاندنەوە بەم



بابەتە هەستیارانە کەمن، هەرچەندە کوشتنی دوعا جیاواز بوو لە تەواوی کوشتاری ئافرەت، چونکە بە ئاشکراو ڕۆژی نیوەرو بە بەرچاوی پۆلیس و دواتر هەموو دیمەنە دلتەزێنەکان بە گرتەی ڤیدیوی بلاوکرایەوە، من خۆزگەم دەخواست ئەم توندوتیژیەش بە نهێنی، چونکە دلنیام هیچمان بۆ ناکرێت و ویژدانمان هەر گرتێبەر دەبێت، تاوانباریش خۆش خۆش بۆی دەسورێتەوە، بەبی لێپرسینەوە، بەلی ئەمجارەیان بە ئاشکرا سوکایەتی بە جەستەی ئافرەت و بەبی پەردە تا مردن بە ئەشکەنجە کوژراین، داخەکەم بە ماوەیەکی کەم دوای تاوانی کوشتنی دوعا، ئافرەتێکی تری کورد هاوشێوەی دوعا کوژراوە لەسەر ریگەی کۆیە، کە تەنیا بوختان و رق هۆکار بوە بو کوشتنی شەوبو لە کاتێکدا تەواوی ئەرکە هاوسەرێتیەکەی بەجێ گەیاندوە، مندالێکی هەبووە، تەواوی چرکە ساتەکانی بژاردوە بو شاد بوون بە هاوسەری، کە لە دەرەوەی وولات بووە، بەڵام لە دوای ئەم چاوروانیە کوشتنی شەوبو دیاریبو بۆی، لە راستیدا واقیعی کوردستان لەبار بووە بۆ کوشتنی ئافرەت، کە تا ئێستا یاسای سزاکانی عیراقی ژمارە 111سالی 1969پیادە دەکرێت، کە لیدان ژن لەلایەن مێردەوە جۆرێکە لە بەکارهێنانی مافێکی سروشتی. لەوەش مەترسیدارترین ئەوەیە سنووری بەکارهێنانی ئەو مافە بەستراوەتەوە بە شەرع یان یاسا یان عورف. کە باسکردنی ئەم سنوورە مانای نەبوونی سنورە بو پیاو لە لێدانی ئافرەتەکەی، ئەمەش لەم سونگەیەوە هاتوە کە شەرع و نەریتە کۆمەلایەتیەکان، عورفی کۆمەلایەتی، عەقل و هوشیاری ژن لەهی پیاو کەمتر دادەنی بیە مافی تەمیکردنی، تا دەکاتە بەکارهێنانی توندوتیژی و لێدانی ژن وەك مافێکی کۆمەلایەتی و ئابوری و یاسایی و شەرعی بە پیاو دراوە، کەواتە دوای دوعا و شەوبۆ هەمووومان موهەدەدین بەو رێگە کوشتنە، بەتایبەت بی دەنگ بەن لە ئاست ئەم تاوانە، رێگە بۆ تاوانی دیکە خۆش دەکات، بۆیە دەبێت کار بکەین بۆ گۆرینی ئەم یاسایانەی کە یاسای سەردەمی بەعسن، وە هۆکارێکە بۆ نەکردنەوەی گرێکوێرەکانی کۆمەلگا و نانەوەی توندوتیژی لە نیو یەکەی خێرزاندا، عورفیش هەردەم وایکردووە ئافرەت کۆیلەی پیاو بێت و تەنیا ئامادەکردنی خواردن و ئامیریکی مندالبوون و خاوکردنەوەی سێکسی پیاوان بێت.......

Shnay_kurd@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.